وەزیری پەروەردە: لە کابینەی نەی حکومەت هەزاران قوتابخانە نۆژەنکراونەوە

ئالان حەمەسەعید، وەزیری پەروەردەی حکومەتی ماوەبەسەرچووی هەرێم ڕایگەیاند، لە چوارچێوەی خزمەتگوزاریکانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە کەرتی پەروەردە، هەزاران قوتابخانە کراونەتە خزمەتی قوتابییانەوە.

لە کۆنگرەسمی کردنەوەی قوتابخانەیەک لە گەڕەکی ژینی دارتووە لە هەولێر، ئالان حەمەسەعید ڕایگەیاند: "ئەم قوتابخانەیە لەسەر ڕاسپاردەی سەرکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دروست کراوە کە ئێستا تەنها لە پارێزگای هەولێر 17 قوتابخانە لە پرسەی دروستکردندان".

ڕاشیگەیاند: "تەنها لە کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر لە هەشتا قوتابخانە دروست کراون و 1800 قوتابخانە نۆژەن کراونەتەوە و 4500 هەڵی تازە بۆ قوتابخانەکان دروست کراون".

وەزیری پەروەردەی حکومەتی ماوەبەسەرچووی هەرێم ڕاشیگەیاند کە لە ئێستادا لە قۆناغی کفری لەسەر ڕاسپاردەی سەرکی حکومەت 18 قوتابخانە نۆژەن دەکرێنەوە.